


# دوای سی ساڵ چاوەڕوانی جارێکی دیکە وەری دەگرێتەوەو بە خێوی دەکات

سەهەند

بەشی یەکەم

من نازانم کەی دایکم و باوکم ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێنابوو، بەڵام لەبیرمە کە باوکم ژنێکی دیکەی هێناو بەو بیانۆیەوە ئێمەی بەجێهێشت.

ئێمە چوار منداڵی وردیلە بووین، من گەورەکەیان بووم و تەمەنم ٩ ساڵ نەدەبوو. باوکم لە شارێکی دیکەدا پۆلیس بوو، لەوێ دەژیا و سەردانی نەدەکردین، ئێمەش لە هەولێر بێ پشت و پەنا بووین. دایکم براو خزمێکی ئەوتۆی نەبوو کە بەخێومان بکات. بە ناچارییەوە بۆخۆی دەستی بە کارکردن کرد. بەهاران دەچووە دەرەوەی شار، تۆرکە و کەنگر و کاردی دەهێناو دەیفرۆشت، منیش هاوینان کرێمستیم دەفرۆشت. خوشک و براکانی دیکەشم هیچیان لە دەست نەدەهات، لە ماڵ دەمانەوە. ژیان بەو شێوەیە نەک هەر ئاسان نەبوو، بەڵکو زۆریش زەحمەت و ناخۆش بوو. خەڵکی گەڕەک هەموویان ئێمەیان خۆش دەویست. گوێم لێدەبوو جار جارە کە ژنان کۆ دەبوونەوە زەمی باوکمیان دەکرد، من لە دڵەوە پێمناخۆشبوو، حەزم نەدەکرد کەس بە خراپە باسی باوکم بکات. دایکم بەلای ئەو باسەوە نەدەڕۆیشت. زۆر شەوان لەگەڵ گریان ئەو وەئاگا دەهاتین، نەماندەزانی بۆچێ دەگری، ئەو پرسیارەشمان لێ نەدەکرد.

ناسیاوێکمان لەگەڵ باوکم پۆلیس بوو، ئەو جار جار دەهاتە لامان و هەواڵی دەپرسین. دایکم حەزی بە چارەی نەدەکرد. ئێمەش خۆشمان لێ نەدەهات. جارێکیان پەڕە کاغەزێکی بۆ دایکم هێنا. دایکم خوێندەواری نەبوو، من و دایکم چووینە لای مەلای مزگەوت، مامۆستا بە دایکمی ڕاگەیاند کە ئەمە تەڵاقنامەیەو ئیدی دوای سێ مانگی دیکە ئەگەر حەزی لێ بوو، دەتوانی شوو بکاتەوە. دایکم ئاهێکی هەڵکێشاو بە مامۆستای گوت: مامۆستا! هەموو پیاوی ئەم دونیایە بە قوربانی پێڵاوەکانی منداڵەکانم دەکەم، من دوو کوڕو دوو کچی جانم هەیە، ژیانی خۆم بۆ ئەوان تەرخان دەکەم و بیریش لە مێرد کردن ناکەمەوە، بەڵام باوکی منداڵەکان نەدەبووایە تەڵاقنامە ڕەوانە بکاتەوە، چۆن ژنی هێناوەو ئێمەی جێهێشتووە، بریا هەر ئەوها بەردێکی لەسەر دانابوایە.

دوای ئەو کاغەزە ئیدی برادەرەکەی باوکم نەهاتەوە. نەمازانی چی بەسەر هات. باوکم بێ هەواڵ بوو. نە ئەو سۆراخی دەکرین و نە ئێمەش دەمانتوانی بەدوایدا بگەڕێین.

ژیان بەبێ نانبدەرێکی کارامە زۆر سەخت و دژوارە، دایکم تاقەت پڕۆکێنانە کاری دەکرد. بەردەوام ئامۆژگاری دەکردین و داوای لێدەکردین کە دەست بۆ شتی حەرام نەبەین. ئەو زۆر ڕقی لە دزیکردن دەبۆوە، سوێندی لێ خواردبووین ئەگەر کەسێک بێ و بڵێ منداڵەکانی تۆ شتێکیان دزیوە، یان ئەگەر خۆی هەست بکات یەکێکمان شتێکمان دزیوە، ئیدی هەر چوارمان سەر دەبڕێ، بۆیە هەرگیز بیرمان لە دزی کردن نەدەکردەوە.

چەرخی ژیان پەکی خۆی لەسەر کەس ناخات و بەردەوام دەسووڕێتەوە. ئێمەش هەوڵمان دەدا لە بازنەی ڕەوڕەوەکانی ژیاندا خۆمان بدۆزینەوە. دایکم حەزی دەکرد هەموومان بچینە مەکتەب و بخوێنین، بەڵام ئەو کات خوێندن بۆ کیژان ئاسان نەبوو، هەم فێرگەی کچان لە ماڵمان دوور بوو هەمیش چاودێری کردن و پەیداکردنی جل و بەرگی کچان لە هی کوڕان سەخت تربوو، بەو هۆیەوە خوشکەکانم لە خوێندن بێ بەری بوون. دایکم لە ماڵەوە فێری درومان و چنین و رستنی دەکردن. ئەوانیش خدوی خۆیان پێدابوو، حەزیان بە کارەکەیان دەکرد. وردە شتیان دەچنی و دایکم لە بازاڕ بۆ دەفرۆشتنەوە. دایکم هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەک بێ ژیان ئێمە دابین بکات. هەندێجار جلوبەرگی کۆنەی دەکڕیەوە، دەیهێنایەوە ماڵ، خۆی و خوشکەکانم جلە دڕاوەکانیان دەدروویەوەو پینەیان دەکردن. ئەوسا دەیانشوشتن، دایکم جلوبەرگەکانی دەبردە بازاڕو دەیفرۆشتن، هەندێجار بە پێی دی بە دێ دەگەڕاو جلە کۆنەکانی دەفرۆشتنەوە. قازانجێکی ئەوتۆی نەدەکرد، بەڵام دیسانیشەوە بژێوی ئێمەی پێ دابین دەکرا. بەو هۆیەوە من و براکەم درێژەمان بەخوێندن دەدا. زۆریش کەیفمان پێ دەهات، کێبەرکێمان لەگەڵ خوێندکارە زیرەکەکاندا دەکرد. دایکم دڵگەرمی دەکردین و بە مامۆستاو ئەفەندی بانگی دەکردین. زۆر جاران لەدڵی خۆمدا دەمگوت" ئەگەر لە خوێندن دەرنەچین، دایکم لە خەفەتاندا دەمرێ" بەوهۆیەشەوە زۆر خۆم ماندوو دەکرد. دەمویست ئەگەر گەورەبووم، پاداشتی دایکم بدەمەوە.



نە ژیان دەوەستێ و نە منداڵیش بە بچووکی دەمێنێتەوە. ئێمەش گەورە دەبووین. دایکم هەموو کەسێکمان بوو. ئەویش ئاواتی خۆی لەسەر پێگەیاندنی ئێمە هەڵچنی بوو. خوشکێکم زۆر بەرچاو بوو، خوازبێنی زۆری هەبوو، نە گەیشتبووە ١٦ ساڵان ڕەوانەی ماڵی بەخت کرا. خوشکەکەی دیکەم لەماڵ مایەوەو هاوکاری دایکمی دەکرد. من خوێندی ناوەندیم تەواو کردوو لە ئامادەیی پێگەیاندنی مامۆستایان وەرگیرام.

هاوینان لەسەر شۆستەکاندا شوێنێکم بۆ شووتی فرۆشتن پەیدا دەکرد. شفتی فرۆشتن قازانجێکی باشی هەبوو، پێداویستیەکانمان پێدابین دەکرد و پاشەکەوتیشمان دەکرد.

ئاواتەکانی دایکم بەرەو بەدیهاتن دەڕۆیشتن. من خوێندنم تەواو کرد. خوشکەکەی دیکەشم شووی کرد، برا بچووکەکەشم حەزی زانستگە لە کەللەی دابوو، شەقاوی گەورەی دەهاویشت، پزیشکی و ئەندازیاری بۆ خۆی دانابوو، بەڵام شەڕی عێراق – ئێران زۆربەی ئاواتەکانی پوچەڵ کردینەوە. من ڕەوانەی سەربازی کرام. برا بچووکەکەم بەهۆی ئەو گوشارانەی لە فێرخوازان دەکرا تا جلی سوپای میللی بپۆشن و خۆیان بۆ بەرەکانی شەڕ ئامادە بکەن، لە حەزەکەی سارد بۆوە.

لە تەنیشت ماڵەکەی خۆماندا دوکانێکی بچووکمان کردبۆوە، دایکم دوکانەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەگەر ئێمەش لە ماڵ بواینایە. سەرپەرشتیمان دەکرد.

لەبەختی مندا سەربازی درێژ و درێژتر دەبۆوە، ماوەی خۆشم تەواو کردبوو، کەچی هێشتا هەر جلی سەربازیم لەبەردابوو. زۆر لە ناسیاوانم ڕایان دەکردو لە لای موستەشارەکاندا ناوی خۆیان دەنووسی، بەڵام ئەم کارە بۆمن ئاسان نەبوو، مامۆستاو جاش! کارێکی سەخت بوو، وەک دەڵێن مامۆستاو جاش، کوچا مەرحەبا!

سەرەنجام دوای چەند ساڵ ئەوسا تەسریحیان کردم، هاتمەوەو وەک مامۆستا دامەزرام. گوندەکانی دوروبەری شارەکان هەموویان تێکدرابوون، لە گوندێکی نزیک شار دامەزرام، هاتووچۆم دەکرد، بەڵام لەبەر پەلکێشکردن بۆ سوپای میللی حەجمانم لێ هەڵگیرابوو.

دایکم شەنگ و توانای جارانی نەمابوو، نەخۆشیەکی کوشندەی گرتبوو، بەمەبەستی چارەسەرکردن بەرەو بەغداد ڕۆیشتین. لە هوتێلێک دابەزین. کابرایەکی پیری لەڕو لاواز وەک پاککەرەوە لەوێ کاری دەکرد، نەمزانی بۆچی هەر لە خۆڕاوە دڵم بۆی دەسووتاو حەزم دەکرد بیدوێنم. ئەو بە عارەبی قسەی دەکرد، زۆر جاران لەگەڵ دادەنیشتم و قسەم لەگەڵ دەکرد. ئێمە ماوەی مانگێک لە بەغدا ماینەوە. هەر ناوە ناوە دەچوومە خوارێ، ئەگەر دەرفەتی هەبووایە و دەستی بە تاڵ بوایە، بە جووتە دادەنیشتین و باسی دنیامان دەکرد. ئەو نەیدەزانی خەڵکی کوێین، لەو ماوەیەدا پرسیاری لێنەکردبووم، بەڵام بۆی باسکردبووم کە لە ناسریە دەژی، ژن و منداڵی هەیە، منداڵەکانی کەم یان سەربازن یاخود فێرخوازن، بۆیە ئەو ناچارە بەو تەمەنەوە کاریان بۆ بکات.

# وەزارەتی چل و سێ

سالار توتمانی

دەمێک بوو بە شوێن وەرگرتنەوەی وەلامی ئەو پرسیارە دا عەوداڵ بووم .. کە بۆ چی تا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان ژمارەیان زیاد بکات .. ئاماری قوربانیەکانی مێینە هەڵدەکشێت و زیاد دەکات )) !

کاتێک خاتوو ( دوعا ) بەو چەشنە کارەساتە کوژرا ... هۆکارەکان و وەڵامی پرسیارەکەم لە مەڕ نا هاوسەنگی ئەو هاوکێشە دەسکەوت . چونکە پێم وابوو لەمەڕ کوژرانی کوشتنەکەی ( دوعا ) ئەم ڕێکخراوانە .. بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان هەڵوێست وەردەگرن و دەچنە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و مانگرتن ڕادەگەیەنن .وێڕای ئیدانە کردنی ئەو کارە ، جەخت لە سەر لابردنی چەند بڕگە و مادەیەکی کۆنی نێو یاسا دەکەن و گوشار دەخەنە سەر پەرلەمانتاران و داوای پرۆژە بڕیارێک دەکەن بەجێگرتنەوەی چەند بڕگە و مادەیەکی تر ، کەلەگەڵ وەدیهاتنی مافەکانیان و ڕێگە کرتن لە قەتل و عام کردنیان بگرێت ، تا جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانیان .. نەگەڕێنەوە و شیر نەدەن بە کۆرپەکانیان و چێشت لێنەنێن بۆ پیاوەکانیان .

کاتێک کەئەمە ڕوی نەدا و .. لەبری ئەم هەنگاوە جدیە .. هاتن و لاسایی حیزبەکانی خۆیان کردەوە ... ئەوانیش .. چەند مۆمێکیان کڕی و چەند بوخوردێکیان داگیرساندو ، چەند دروشم و چەند مانشێتێکیان بە دیوارەکاندا هەڵواسی و .. بەشانۆگەری و شیعر ئەو کارەساتەیان ئیدانە کرد.. گەیشتم بەو یەقینەی ... ، کەئەم ڕێکخراوانەش ... تەواوکەری ڕووەکەی تری فراکسوێنەکانیانن و تەنها ( زەرورەیەک ) دروستی کردوون بۆتەنگانەکانی .. بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕووکەش کردنی دیموکراسی و ، کوشتنی بوودجە و نان پێوە خواردن بەنێوی گۆمەڵگای مەدەنیەوە . لەوە حاڵیبوم .. ئەم ڕێکخراوانە ..، تەنها ..تەواو کردنی نیوە دێڕی فەرموودەکانی پیاوە سیاسیەکانی دەسەلاتن .. کەدەڵێن ( ژنان و ئافرەتان ) نیوەی کۆمەڵگان و دایک و خوشکی نیوەکەی تریشن .

ئەم ڕێکخراوانە خۆشیان لەوە تێگەیشتوون ڕێکخراوی بۆ ئەو یادەکانی هەشتی مارس و ڕۆژی دایکن .. و خاوەنی چەند ڕۆژنامەیەکن تەنها ئاماری کوشتنەکانی خۆیان تۆمار دەکەن و هیچی تر یان لە دەست نایەت .ئەگەر فراکسوێنەکانیان بڕیاری ڕێپێوان و مۆم هەڵکردنیشیان پێنەدا .. ئەوان ناتوانن هەنگاوێک هەڵبێنن و پەنجە بکەن بە ئاودا .

خەممە کوشتنی دوعا ... ببێت بە بەهانەیەک و بەنێوی دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەساتەوە ڕێکخراوەکان .. بێت بەخەیاڵیاندا و داوا لە حکومەت و پەرلەمان بکەن .. وەزارەتی چل و سێ یان بەناوی وەزارەتی ژنانەوە بۆ بکاتەوە .. ئاخ و داخی من بۆ ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە وابزانن چارەسەرکردن و بنبرکردنی قەتل و عامی ژنان و ئافرەتان و خوشکان تائێستا بە هۆی نەبوونی وەزارەتی ژنانەوە بوو بێت .

جگە لەوەی کردنەوەی وەزارەتێک بۆ ژنان و ئافرەتان .. تەلاری پیاوێکی مەسول ..دەگەیەنێت بەقیمەت و چەند مۆنیکا و چەند پارچە زەویەک . بۆ وەزیر و بۆ بریکاری وەزیر لە جنگی حکومەت زایە دەکات ..

گرفتێکی دیکەش بەپێش دێنێت .. کە ئەگەر خوانەخواسە ئەم بیرۆکەیە هات بەخەیاڵیاندا دەبێت داوای دوو وەزارەت بکەن .. واتە وەزارەتی چل و چواریش چونکە مێینەکانی مەملەکەتم خاوەنی چەندین ناون کە (ژنان و ئافرەتان و خوشکانە ) بۆ مەسەلەی وەزارەتێکیش بۆ کچان خوا گەورەیە!

# جەژنی جیهانی منداڵان و منداڵانی ئێمە

هەمووان دەزانین کە لە ١-٦ هەموو ساڵێک جەژنی جیهانی منداڵانە کەم ئەم ڕۆژە بەرۆژی منداڵان ناسراوە سەرەتای سەرهەڵدانی گەشکردنی مێژووی مافەکانی منداڵ بەکۆمەڵێک قۆناغی جیاوازدا تێپەریوە تاگەیشتۆتە ئەم قۆناغ و سەردەمەی ئەمرۆ. لەگەڵ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان مافەکانی منداڵ وەک بابەتێکی زۆر گرنگ خرایە بەرچاو. لەساڵی ١٩٢٥ لەجنێف کۆبۆنەوەیەک کرا لەسەر منداڵ دواتر لەبەرواری ١-٦-١٩٣١ لە سۆڤیەت بڕیاردرا ئەم ڕۆژە ناوبنێن ڕۆژی جیهانی منداڵ، پاشان لە ١-٦-١٩٥٦ لە سەرانسەری جیهاندا بڕیاردرا ئەم ڕۆژە بەڕۆژی جیهانی منداڵ بناسرێ. جێگەی بایەخ پێدانە کەئەم توێژە سەربەخۆیە ئاماژە بۆ مافەکانی بکرێت و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بڕیاردرا منداڵ وەک توێژێکی سەربەخۆی کۆمەڵ بایەخی پێبدرێت. دەگەڕێینەوە سەر خێزان کە یەکەی بنەرەتی پێکهاتەی کۆمەڵگایەو خێزان ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ لەئەستۆ دەگرێ کەلەسەر هەریەکەیان پێویستە مافەکانیان بپارێزن و دونیا گەشکردنیان و گەیشتن بە بواری پێگەیشتنیان لێ قۆرخ نەکرێت. هەموو مرۆڤێک جوانتربڵێم هەموو منداڵێک مافی خۆیەتی چێژ لەئازادی و سەربەخۆی و شادیەکانی ژیان وەربگرێ، بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەک لەرەگەزو فرمان و توخم و ئاین و بیروڕای سیاسیی یان بنچینەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی یان سەروەت و سامان یان شوێنی لەدایک بوون و نیشتەجێبوون یان هەر بارێکی تر کەبەر دۆخی منداڵ دا بێت. ئێمە وەک کوردێک هەمووان بەقۆناغی منداڵیدا گوزەرمان کردووەو دەزانین پڕە لەهیواو ئاوات و گەیشتن بەمافە تایبەتیەکان. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێمەدا بە پێچەوانەوی وڵاتانی ئەورووپاوپاوەیە کە ئەوان ئەم ڕۆژە لەهەموو ڕۆژەکانی تر بەجیاوازتر دادەنێت و زیاتر گرنگی پێ دەدەن و بەبیر هەموو منداڵێکی خۆیانی دەهێننەوە کە ئەم ڕۆژە تایبەتە بەوان، تیایدا چەندان ئاهەنگ و فیستڤاڵ نمایش دەکرێت و چەندان گۆڤارو ڕۆژنامە بەسەر منداڵان دابەش دەکرێ کەسەرقڵن بەم باسەوە دەتوانین بپرسین و بڵێین بۆچی دوای چەندان ساڵ ئازادی و سەربەخۆی بیر لەوە نەکراوەتەوە کە پارکێک یان گۆرەپانێک هەبێت تایبەت بەم ڕۆژە کەمنداڵان بەئازادی گەمەی خۆیانی تێدا بکەن؟ نەک بیری لێ نەکراوەتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرێک لەمنداڵان هەن کەزۆر بێئاگان لەم ڕۆژەو لەهیچ مانایەکی ئەم ڕۆژە ناگەن و لەهەمان کاتیشدا لەم ڕۆژەی کەتایبەتە بەخۆیان دەچەوسێنەوەو دەخرێنە بەرکار تاپێداویستی خۆیان و خێزانەکەیان دابین بکەن، بەمەش دوور دەکەونەوە لەهەموو پێشکەوتن خوازێکی تەکنەلۆژیای سەردەم، نامۆ لەهەموو ئەو ئامێرە پێشکەوتووە نوێیانەی کەتایبەتە بەمنداڵ. هەرچەندە چەند سەنتەرو ڕێکخراوێک هەن کەتایبەتن بەمنداڵ بەڵام بەداخەوە بەپەنجەی دەست ئەژمار دەکرێن. باهەمووان کۆک بین لەسەر ئەوەی کە لەبری جەژنی لەدایک بوونی هەر منداڵێک، جەژنی جیهانی منداڵان بکەنبە دوو جەژن بۆ هەر یەکەیەکیان ئەم ڕۆژە بەرۆژی لەدایک بوونی دابنرێ

لەکۆتایدا دەڵێم لێت پیرۆزبێت ئەم جەژنە هیوا خوازم ئەم ڕۆژە جیاواز بەڕێ بکرێت لەڕۆژەکانی دیت.



شیلان عبدالله